# دوو وەڵامی کورت بە دوو مەسەلەی گرنگ

## لەلایەن مەنسور حکمەتەوە



**دەقێکی بڵاونەکراوە لەکۆبوونەوە پالتالکییەکان لەگەل مەنسور حکمەت دا**

(**بەڕێوەبردنی لەلایەن ایرج فرزادەوە لەکاسێتی کۆبوونەوەی** 27**نۆڤەمبەر**2001)

**محمـــد غفـــور لە (اکتبر ژمارە** 7

**ڕۆژی**13**ئۆکتۆبەر**2004**ەوە وەریگێڕاوە**

# زەرورەتی ئەمڕۆژیی لینین

**لەوەڵامدانەوە بەم پرسیارە کەئایا هێشتا ئەشێ پشت بە لینین ببەسرێت،وەئەمە کەئایا لینینیزم بابەتییە:**

**سەیرکەن،تائەو جێگایەی کەلینین سەبارەت بەهەل ومەرجی مێژوویی وولاتێکی دیاریکراو بەمێژووی تایبەتییەوە قسەئەکات،وئەو حوکمانەشی کەئەیدات،لەڕووی پێویستییەوە قابلی گشتیکردن نییە.بەڵام من لینین وەکو کەسێك کەفکرەی شۆڕشی کۆمۆنیستی وفکرەی ئیمکانییەتی قبوولبوونی سۆشیالیزم ئەخاتەڕوو،ومەسەلەکە گرێ ئەداتەوە بەدەستبردنی حیزبی کۆمۆنیستییەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، بەمناونیشانە واتێئەگەم لینین لەپێشەوەی حیزبی ئێمەدایە،وەهەمیشە مەوزوعییەتی هەیە.لینین کەسێکە کەمارکسیزمی لەدیدگاکانی ئۆلۆشیۆنیستی وتەکاملگەری وئەمەی کەجیهان چاوەڕێیە سۆشیالیزم ڕۆژێك خۆی سەوزببێت،ڕزگارکرد وگۆڕی بۆ کاروکردەوەی زیندووی ئینسان وتێکۆشانی سیاسی زیندووی ئینسانەکان. نەخشی لینین ئەمەبوو کەئەم جێگاوڕێگایەی ناسی ودەستی برد بۆ دەسەڵات.ئەگەر ئەم هەلوێستە لەگەل ئومێدەواری ونائومێدەواریی ژمارەیەك لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا لێکهەلپێکیت،لینینت لەمانای واقعی خۆی داتەکاندووە،وئێمە زۆردەمێکە ئەم مەیلەمان خستۆتە لاوە کەسۆشیالیزم ئەسپێرێت بەدووسبەی.ئێمە ووتمان کەئەم حیزبە هەر لەم دەورەیەدا هەولئەدات کەئەم نەخشە بنوێنێت.کۆمۆنیزم ئەرکیەتی بڕوات بۆدەسەڵات بۆئەوەی بتوانێت ئەم هەلبژاردنە بداتە دەستی کۆمەلگا وچینی کرێکار تابەسۆشیالیزمەوە لەوسەری ئالوگۆڕە شۆڕشگێڕانەکاندا بێتەدەرەوە.بەهەرحال شێوازی لینین زەرورەتی ئەمڕۆژیی هەیە وزەرورەتێکی زۆرزیاتریش.**

# ئایا ئێران وولاتێکی چەند میللەتییە؟

**وەڵامێکی کورت ئەدەمەوە:ناوبردنی وولاتێك یاخود کۆمەلگایەك بەچەند میللەتی یەك هەلبژاردنی سیاسییە،وەکو ئەوەی کەئەگەر بپرسن ئایا ئێران کۆمەلگایەکی ئیسلامییە،من ئەلێم نەخێر،کەسێکی تر ئەلێ بەلێ.بەبڕوای من میللەت ومیللیەت چەمکێکی سیاسییە، چەمکێکی ئایدیۆلۆژییە.بۆ نموونە،کەسێك کەبڕاوەتەوە لەسەرئەوەی یەك ئینسان لەسەر بنەمای قەومیەتی پێناسەبکات،وبلێت من ئەم**

کەسە بەئازەری ئەزانم،ئەوەش بەهیتۆ،وئەوەشیان پشتۆیە،وئەمەشیان ئیگۆ وئەوی تریان بە باسك ئەزانم،ئەیەویت ڕەنگی ئایدیۆلۆژیی خۆی بدات لەو کۆمەلگایە.لەوانەیە ئێران چەندمیللەتی بێت یانەبێت،ئەمە پەیوەستە بەمەوە کەئایدیۆلۆژی ڕەسمیی لەو وولاتەدا، وەلێکدانەوەی ڕەسمی بۆ ئەو وولاتە کەسانێك ئەینووسن کەچەمکەکانی قەومییەت بۆیان بەرجەستەن یانا؟ئەگەر من بم ئەلێم نەخێر تەنها ئێران،لەهیچ جێگایەکدا وولاتانی جیهان چەندمیللەتی نین.ئینسانەکان بەزمانی جۆراوجۆر پێکەوە قسەئەکەن،ئەمەی کەپێیان بلێین میللەت،بەرەنجام وکارکردی بزووتنەوەی ناسیونالیستییە لەم وولاتانەدا.سەردەمانێك ئەم ئینسانانە بەخۆیان نەووتووە میللەت، پاشان لەوانەیە هەر ئەم میللەتانە دابەشبن بۆ چەند میللەتی دیکە.ئەمە ڕووداوێکی سیاسی – ئایدیۆلۆژییە وبەشێك نییە لەزانستی ئۆبجەکتیف.ئەگەر خەلکی ئێران بخەینەژێر تاقیکردنەوەوە ولەDNAیان بکۆلینەوە،هیچ شتێك سەبارەت بە لوڕ بوون یاخود گیلك بوونیان نادات بەدەستەوە.ئەمە باسێکی سیاسییە،باسێکی ئایدیۆلۆژییە،ئێوە ئەتوانن ئەوە هەلبژێرن کەکەسێکی تر بەمجۆرە خەلك دابەشئەکات.من ئەمەوێ بەمجۆرە دابەشیاننەکەم وئەلێم خەلکی ئێران ژمارەیەك ئینسانی خاوەن مافی یەکسانن وبەزمانەجۆراوجۆرەکان قسەئەکەن.ئایا ستەمی میللی هەیە؟بێگومان هەیە،لەبەرئەوەی کەناسیونالیزم هەیە وتایبەتمەندی ناسیونالیزمیش ئەمەیە کەمیللیەت بگۆڕێت بۆ یەك سنووری لەبڕیننەهاتوو،وەئینسانەکان بەشێوەیەکی وادابەشبکات کەقەلشت وجیایی بخولقێنێ.بەمەبەستی ئەوەی وەکو میللەتێك زولم لەمیللەتێکی تر بکات وبلێت ستەمی میللی هەیە.

بەلام ئەبێ ستەمی میللی لابرێت،وەلامدانەوەی ستەمی میللی وولاتپێدان نییە بەو میللەتانە.هەرکەس بێت وبەئێوە بلێت حەسەن بەگ خەریکن نوکتەم لەسەر درووسئەکەن،وئێوە وولاتێکم بدەنێ،ئێوە لێی قبولناکەن.وەلامی ستەمی میللی لابردنی ستەمی میللییە.هەروەك چۆن وەلامی ستەمی جنسی لابردنی ستەمی جنسییەو،وەلامی ستەمی نەژادی هەلگرتنی ستەمی نەژادییەو،وولاتپێدان بەقوربانیەکانی نییە.ئەمە کەمیللەت بنەمای دەولەتە ناسیونالیستەکان دایانهێناوە لەدوو سێ سەدەی دواییدا.بەبڕوای من میللەت بنەمای حاکمییەت نییە،بنەمای فەلسەفی دەولەت میللەت نییە.تەنها ئینسان ئەتوانێت بنەمای فەلسەفی دەولەت بێت،ویەکێتی ئارەزوومەندانەی ئەو ئینسانانەی کەئەیانەوێت لەوێدا بژین هاوولاتیبوونە.بەمپێیە ئەگەر وادانێین کەدەولەتەکان بڕیارنییە میللی وناسیونالیستی بن،ئەوسا دیارنییە بۆچی دەبێت ستەمی میللی بکێشرێتە مەسەلەی پێهاتنی وولاتی جیاواز.نموونەیەکی دیکە لەپەیوەند بەمەسەلەی میللییەوە: ئەگەر ناسیونالیستەکان خۆیان ڕاوەشێنن وباوەشێنی مەسەلە میللییەکان بکەن وکارەساتەمیللیەکان بخولقێنن،بەشێوەیەك کەچیتر لەنێوان ئەو میللەتانەدا نەشێ بەزمانی خۆش ئاشتی وئاسایش فەراهەمبکرێت،بەلێ ناچارین وەکو یەك ڕێگاچارەی ناشیرین باس لەجیابوونەوە بکەین،وڕێگابکەینەوە بۆ ڕیفراندۆمێك کەڕێگاخۆشئەکات بۆ ئەومیللەتەی کەزولمی زۆری لێچووە وئیتر باوەڕی سەبارەت بە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لەدەستداوە،وئەیەوێت جیاببێتەوە.بەم شێوەیە وبەم ئیعتیبارە من قبوولی ئەکەم.سەبارەت بەکوردستان، سیاسەتی ڕەسمی ئێمە ڕێگایداوە بەڕیفراندۆمێك وخواستی یەك ڕیفراندۆم لەکوردستان کەئایا خەلکی کوردستان ئەیانەوێ جیاببنەوە یاخود ئەیانەوێ لەچوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە بەمەرجی هەلومەرجی یەکسان لەگەل باقی هاوولاتیانی ئێراندا؟بەلام ئەمەی کەئێوە ئەیلێن دەبێ سەبارەت بە گەیلانیش داینێین.من بەمجۆرە بیرناکەمەوە.هەرچەندێك کەممکن بووە ستەم لەخەلکی گەیلان چووبێت، مەسەلەیەکی میللی کەتیایدا خوێنڕژابێت، ڕەشبینی وکینەی بەرپاکردبێت، پەژارە لەپشتییەوە ڕاوەستابێت، تووڕەیی کەلەکەکردبێت، مەسەلەیەکی بەمجۆرەمان نییە سەبارەت بەگیلك.هەرکاتێك مەسەلەیەکی لەمبابەتەیان بۆخولقاندین،ئەو کاتە ناچارین هەربەم شێوەیەی پێشوو بچین بەدەمییەوە.بەلام ئێمە ناڕۆین بەپیریی بەشبەشکردنی ئینسانەکانەوە،پێشوازی لەجیاکردنەوەی ئینسانەکان لەیەکتری ناکەین،ناچین بەدەمی دابەشکردنی وولاتانەوە بۆشەش کەڕەت چوار کەلەهەر یەکێکیاندا قەومێك هەبێت.بەپێچەوانەوە

**دەبێت سنوورەکانی جیهان لابرێن،دەبێ ئینسانەکان پێکەوە بژین،بەهەر زمانێك ئەیانەوێت قسەبکەن،بەهەر زمانێك پێیان خۆشە بنووسن وهەر کامیش لەم زمانانە کەبەکاریگەرتری ئەزانن لە بەڕێوەبردنی وولاتدا بەکاری ببەن.**
**من خۆم نە ناسیونالیستم ونەئەشمەوێ ئیمتیاز بەهیچ ناسیونالیستێك بدەم.**